

# کەرکوکی مالکی

## جەزا چنگیانی

له سەردەمی فیصل پاشا و دامەزراندنی دەوڵەتی عیراقی له ساڵی 1921 تا ڕمانی صدام له 2003/03/ئاپڕیل هەر ڕژێمێك له عیراقدا بووبێت سیاسەتیان بەرامبەر بە شاری کەرکوك یەك سیاسەت بووە گەر جیاوازیکشیان هەبوو بێت تەنیا لە ڕووی فاشیانەوە بووە نەك چاکسازی بۆ پێکەوە ژیانێکی هاوبەشی دانیشتوانەکەی و کەڵك وەرگرتن لە سامانە پترۆڵییەکەی بۆ ژیانێکی بەختیاری گەلانی عیراق.خۆشبەختانە کە باشوری کوردستان وعیراق لە ئاست بەرژەوەندی پترۆڵی ئەمەریکی و ئینگلیزی داگیرکراو گەلانی عیراق لەدڕندەی شۆڤینی صدام ڕزگاری بوو.بەداخەوە ڕزگارکردنێکی کاتی بوو.چونکە شوفینستی عەرەبی تەنیا لە کەسایەتی صدامدا بەرجەستە نەبووە .بە پێی خوێندنەوەیەکی سۆسۆلۆگی زانستیانە هەموو بنەمای گەشەکردنی هەرئایدۆلۆژییەك بەری ئەدموسفیری کولتوری کۆمەڵگایەکە.



*Der Führer empfängt im Beisein des Reichsaußenministers von Ribbentrop den irakischen Ministerpräsidenten Raschid Ali El-Ghailani*

### ڕشید عالی گەیلانی و هیتلەر

کولتوری تاکیش بەری کولتوری کۆمەڵگایە کەواتە ئایدۆلۆژی فاشیزم ئایدۆلۆژییەکی کۆیە نەك تایبەت بەتاکیۆ ... چۆن (هیتلەر) لەسەردەمی خۆیدا تەنیا نەبوو و دوای خۆکۆشتنیشی هەزارەها هەواداری لە

ئەڵمانیاو دەرەوەی ئەڵمانیادا ماوە*1 (صدام) یش هەروایە جیاوازی نێوان زەمەنی ابو الجعفری المنصور و صدام گەلێك زۆرە وەلی مۆراڵ و ئایدۆلۆژیان کۆپی یەکە . بۆ؟ چونکە هەردووکیان لە دوو زەمەنی جیاوازدا یەك سەرچاوەی کولوتوریان هەبووە . ئێستاش کۆپی کولتوری صدام و ابوالجعفری منصور لە کۆمەڵگای عەرەبیدا لە مغریبەوە تا کەنداوی فارسی لە ڕۆحی ملیونەها مرۆڤدا بەرجەستەبووە(ئایدۆلۆژی فاشیزمیش وەك هەر ئایدۆلۆژییەکی تری کۆمەڵ بە(ڕێژە یە) بۆیە تاوانبارکردنی کۆمەڵگایەك بە سەرجەمی هەڵەیە .مەبەستی ئەم ووتارەش تاوانبارکردنی گشت عەرەب نیە ) وەلیٚ ئەوەی دەسەلاٚتی سیاسی قۆرخدەکات زووربەیان لەو کەسانەن کە سەروەری نەتەوەی خۆیان لەسەر ئاستی چەوسانەوەی نەتەوەکانی تر بالاٚدەکەن کە ئەمە لوتکەی هزری فاشیزمە.دوای ڕمانی صدام, ابراهیم الجعفری کە ئۆپۆزسوینێکی سەرسەختی صدام بوو وەلیٚ لە کاتی دەسەلاٚتیدا لەمەڕ کێشەی کورد وشاری کەرکوك وێنەیەکی شیعەی فاشیزمی عەرەبی تیژتر بوو لە صدام ؟ هۆی تیژبوونی کولتوری فاشیزمی الجعفری ئەوەیە کە لە کولتوری ئیسلامەوە هەڵمژیوە.... فاشیزم لە نێو ڕێکخراوە ئیسلامیەکان و علمانییەکاندا جیاوزای زۆرە.فاشیزمی ئیسلامی بە پاڵپشتی ئایەت و سورەتە خوێناویەکانی قورئان کە ڕۆحی مرۆڤ لە هەموو پاکییەکی سروشتی دادەتەپێنی ومرۆڤ دەکات بە دڕندەیەکی زمانزان ولە هەموو بەهاییەکی مرۆڤی دەسڕێتەوە ئەو شەرم وترسە ڕۆحییە مرۆیەی نێو دەرونی مرۆڤ کە پارسەنگی کارە خراپ و باشەکانی پێدەکات لە دەروونی مرۆڤدا وشکدەکات ئیسلام شرعیەت دەدا بە مرۆڤ مرۆڤ بکوژی و ماڵ و سامان و نیشتمانی داگیربکات.ئەم تاوانانەش بە خۆاویستی دادەنیٚ بۆیە تیرۆریست و فاشیستە ئیسلامیەکان بە کوشتنی مرۆڤ و داگیرکردنی خاك و سامانی نەتەوەکانی تری ناعەرەب بەختیاردەبن .بە کارێکی خودای دایدەنێن .

## گرفتی کەرکوك لە ژێر دەسەلاٚتی شیعەکاندا

## دژوارتردەبیٚ وەك لە ژێر دەسەلاٚتی بەعسدا.

گرفتی کەرکوك گرفتێکی ئابوورییە کە پارسەنگی کیشە نێودەوڵەتییەکانی پیٚ یەکالاٚدەکرێتەوە وبنەمایەکی ئابوری جیهانی هەیە کە لە سەر ئاستی ئیستراتجیتی زلهێزەکان لە گەردنی کورد و ئەوشارە بیٚ نازە ئالاٚوە.گرفتی کەرکوك پەیوەندی بە ئاینی ئیسلامەوە نیە خاوەنەکەشی کە کوردە نەك دووژمنی ئیسلامە بەڵکو کورد کۆیلەیەکی گەوجی ئیسلامەوە لەو ڕۆژەوەی بە زۆرکراوە بە ئیسلام لە عەرەب دڵسوزتر بووە بۆ ئیسلام نمونەش گەورەترین جاشی مێژووی کورد صلاح الدینی ئەیوبییە.لە کرۆکی فەلسەفەی شیعەگەری ونووسینەکانی(امام علی)یش کە ڕابەری تەوژمی شیعەگەریە بە هیچ شێوەیەك و لە هیچ شێونێکدا باسی پترۆڵی کەرکوکی نەکردوە.کەچی لەسەردەمی گلۆباڵیزمدا شیعەکان بەدیدێکی فاشیانەوە دەڕواننە خاك وسامانی میللەتێکی داماوی وەکی کورد و صدریەکان جارێکی تر کەرکوك عەرەبچین دەکەن.کەواتە ئیمڕۆ گرفتەکان گرفتی بەرژەوەندی و پاراستنی کەسایەتی نەتەوەییە هێزی فاشیانەی نەتەوەی سەردەست لە ڕوحی دینێکی خویناویەوە تێکەلاٚودەکەن ئەویش بۆ قۆرخکردنی سامان و داگیرکردنی خاکی میللەتی کورد .بۆیە کورد لەمەڕ گرفتی کەرکوك تووشی هەمان فاشی صدام دەبیتەوە بەلاٚم ئەمجارەیان بە مێزەری ڕەش و سپی ئیسلامی( شیعە وسونە)وە.دەنگی کورد لەپەرلەمانی عیراقیدا لە چاو دەنگی سونە وشیعە کەمەدەنگە. کۆنفلیکتی سیاسی نێوپەرلەمان هەندی جارئەنجامی

خراپترە لە کۆنفلیکتی سیاسیانەی دەستەویەخەو چەکداری.کورد بە شەقشەقەی پەرلەمان و دامەزراندنی چەند مووچەخۆرێکی کورد بە ناوی وەزیر وسەرۆك کۆماری عیراق لەخشتەبرا مادەی 58 بە زووربەی دەنگ پەسەندکرا . لە کاری سیاسیدا(پەسەندکردنی خاڵی دەستورێك لە تەك جێبەجیکردنی)دوو پرۆسێسی زۆر جیاواز و دژوار و بڤە وتاکتیکین . تێنەگیشتن و نەخوێندنەوەی زانستیانەی میژووی خۆیناوی چەند ساڵەی پێکەوە بوونی( کورد و عەرەب )لە عیراقدا لە لایەن سەرانی کوردەوە هەڵوێست وەرنەگرتنی نوێنەرانی کورد لە حکومەتەکەی الجعفریدا پشتگۆیخستنی مادەی 58 لە پڕاگتیکدا( کرۆکی ئەو بڕگەیە دەسەلمێنێ کە فاشیزم تایبەت نیە بەتاك.بۆیە دوای صدامیش پیادەی نەخشەی فاشیزمی عەرەبی لە کەرکوکدا کراوە دەشکرێت ).



## کەرکوك شارێکی عیراقیە نەك کوردستانی...تاڵەبانی ووتی

**ئەمەریکا لە عیراقدا چی گەرەکە ؟**

**ناسیونالیستی عەرەب لە عیراقداچی گەرەك ؟**

سەرکردایەتی کوردی ئیستای گۆڕەپانی سیاسی سەرکردەی(ناسیونالیستی کوردی) نین ! لە مەڕ گرفتی کەرکوك لە تەك ئەمەریکی وعەرەبەکاندا وەك (کەسایەتی کوردو خاوەنی کەرکوك) مامەڵەناکەن بەڵگەش کە لەتەك عەرەبەکاندا قساندەکەن دەڵین (کەرکوك شارێکی عیراقییە) لەئاست بەرژەوەندی ئەمەریکی خۆیان بە خاوەنی شاری کەرکوك و سامانە پترۆڵیەکەی دانانین تاڵەبانی لە کەناڵی الحریە ووتی(من و بەرزانی داوامان لە ئەمەریکیەکان کرد کە دەتوانین پاریزگاری بۆرییە پترۆڵییەکانی نێوان کەرکوك تا بەندەری جیهانی تورکی تان بۆ بکەین بەڵام ئەمەرییکیەکان پەسەندیان نەکرد)*2 پەسەند نەکردنی ئەمەریکایەکان بە داخۆازی پاسەوانیکردنی بۆریە نەوتیەکان سوکایەتیە بەکورد و ئەوە دەگەینێ لە نێوان سیناروی( کوردو ئەمەریکدا)خاوەنداریتی کەرکوك بۆ کورد بابەتێکی سیاسی و دیالۆگی نێوانیان نەبووە.ئەگەر کورد خاڵی وەرچەرخانی هاوکێشەکانی ببەستایەتەوە بە قورسای شاری کەرکوکەوە ئەوە ئەمەریکایەکان بە شێوەیەکی تر دیالۆگێکی تریان لەتەك کورددا بەکاردەهێنا.داشبەداشی پاراستنی بەرژەوەندی لە پرۆسێسی سیاسیدا بەردی بەهێزی بناغەی سەرکەوتنی دیالۆگی دبلۆماسیانەی دوو جەمسەری خاوەن بەرژەوەندیە .کورد چونکە خاوەنی کادیری لێهاتووی بۆاری دیالۆگ(دبلۆماسی)نیە سەرکردەی گەوج ڕابەرایەتی دەکات.بۆیە لە ئاست ویستی ئەمەریکیەکاندا ناماقوڵی دەکەن بڵێن( نا )ئەوەی لە بەرژەوەندی ناسیونالیستی عەرەبی و بۆرجوازی بازاڕی بەغدادیشدا بێت کورد دوو جار ناماقولی دەکات بڵی(نا)چونکە بازاڕی هەردوو(بۆرجوازی کورد و

عەرەب) لە بەغداد تێکەڵاو بووە( وەك تێکلاٚوکردنی کەپیتالی فرۆشتنی پترۆڵی کوردستان بە قاچاغ لە لایەن عودەی صدام و مسعود بەرزانیەوە لە کومپانیای برایم خەلیدا )+++.لە نێوان ئەم دوو( نا)یەشدا باسکردن لە مەڕ بەرژەوەندی ناسیونالیستی کوردی بۆتە بڤە(خەتەر)(کبشی فیدا).

تاکۆتای ساڵی2007 کەرکوك دەبیٚ بگەڕێتەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان. بەپێی ئاوزان و هوشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی گەلانی عیراق وچاوەڕی دەکرێت پەرلەمانی عیراقی سونە و شیعە وتورکومانەکان پەنجەی ناوەڕاست بۆ یاسای 58 و ویستی کورد بەرزبکەنەوە, سەردانی الجعفری وسەرانی شیعەکان بۆ ئەنقەرە وقسەکردن لەمەڕ کەرکوك بەڵگەی پوچەڵی مادەی 58 لە لای شیعەکان کە زووربەن . ئەمەریکایەکان کە خاوەنی بەرژەوەندین لە کاتی کۆنفلیکتی کورد عەرەب و بۆ پارسەنگی کێشەکان و بەرژەوەندی خۆی لە عیراقدا مەجبورە لایەنی زووربە بگرێت سیناریوی ناسیونالیستە عەرەبەکانی عیراق و ویستە سیاسیەکانی ئەنقەرە و قاهیرە پەسەند بکات کە کەرکوك بە هیچ شێوەیەك نەگەڕێتەوە سەرهەرێمی کوردستان.کەرکوك بە هەرێمێکی ئازادی دابڕاو لە هەرێمی کوردستان بقەبڵێنن. بۆ کارمەندان و دەسەڵاتدارانی ئیستای شاری کەرکوکیش کە کوردن وەك هەموو ڕۆژهەڵاتیەك کە شەیدای پلەو پایە وپارە وماشین وژنی تازە و گەنجن ڕەنگە کۆمەکی پرۆژەی دابڕاندنی شاری کەرکوك لە باشوری



کوردستان بکەن . بۆهەردوو دیکتاتۆریش( جەلال و مەسعود) کارێکی ئاسانە جارێکی تر بازی بە ئاوزانی مرۆڤی گەوجی کوردبکەنەوە بڵێن( شانازییە بۆ کورد لە عیراق دا) خاوەنی دوو هەرێمی کوردی بیٚ من دڵنیام لە هوشیاری تاکی کورد کە چەند گەوج وچەند لغاوی ئەودووانەیان لە دەمدایە بۆیە زۆر نزیکە تەواوی جەماوەری کوردی وکەرکوکییەکانیش چۆن بە کۆدەنگ بڕیاریاندا بن بە بەشێك لە عیراقی کۆلۆنیالی و دەستوری چەوسێنەری کوردیان پەسەندکرد ئاواش بڕیارلە سەر(دابڕاندنی کەرکوك لە هەریمی کوردستان بدەن )بەڵگەی لاوازی سیاسی و تێنەگیشتن ونەبوونی مۆڕاڵی نەتەوایاتی(جەلال و مەسعود) بەرامبەربە کەرکوك لەوەدا دەردەکەوێت لە ساڵی 2003 تا ئیستا هەنگاوێکی کوردانەیان بۆ کودستان بوونی ئەو شارە ئیستراتیجیە نەناوە.صدریەکان عەرەبی نۆی بۆ شاری کەرکوك دەهێنن کەچی ئەوان کۆمەك بە ئاوارە کەرکوکیەکان ناکەن.سەرۆکی کۆماری عیراقیش..نیو ئەوەندەی ئەو پارەیەی بۆ ڤیلا و کۆشکەکانی خۆیانیان سەرفکردوە هیچ ئەوەندە کۆمەکیان بە ئاوارەکانی کەرکوك نەکردوە تەنیاکارێك کە ( ی . پ )شانازی پێوەدەکەن ڕەنگکردنی دارتەلی کارەبای نێو شاری کەرکوکە بە ڕەنگی(سەوز و زەرد) ئەمە ئاستی هوشیاری سیاسی کوردی بێت . شیعەکان زۆر بەئاسنی دەتوانن گێڕی سیاسیان بگۆڕن جیاوازی لە

**نیوان مالکی و الجعفری تەنیا ڕووە نەك ئایدۆلۆژی هەردووکیان پەروەردەی یەك قوتابخانەی هزری شیعەگەری ئیستا کە لە ژێر فشاری ئەمەریکی وکوردا مالکی هەڵبژێردراوە . مالکی ناتوانی دژی ویستی زوربەی دەنگ و ئیستراتجیتی شیعە لەمەڕ گرفتی کەرکوك بوەستێ .**
**کەواتە لەسەردەمی مالکی دا کەرکوك فتدەکرێت و کەرکوکیەکانیش فتکرا و .**

* 1 Blut und Öl ::-- Abu Raad ----- Franz Müller Verlag Dersen1---1944
*.2 **بڕوانە ماڵپەڕی کوردستانی نوێ ڕۆژی** 05/07/2005 **و کەناڵی تەلەفزوینی( الحریە ) ڕۆژی** 05/07/2005

**+++لە زۆر وولاتانی جیهاندا بۆرجۆازی نیشتمانی توانیوێتی سەرکردایەتی بزوتنەوەی نیشتمانی بکات .ڕزگاری بەدەستبهێنێ وەلێ بۆرجوزای کوردی لە بەر ئەوەی بۆرجۆازییەکی نیشتمانی نیە و پاشکۆی بۆرجۆازی عەرەبیە . بۆیە چاوەڕوانی ئەوەی لێناکرێت سەرکردایەیی بزوتنەوەی نیشتمانی بکات . جەلال لە دوای بوونی بە سەرۆك کۆمار گێری ئەم ڕستەیەی(من کوردی عیراقیم)ی بە (من عیراقیەکی کوردم ) گۆڕی ئەم دوو ڕستەیە دوو کرۆکی سیاسی جیاوازی هەیە .**

**سان پیترسبۆڕگ** 19/05/2006
jazachingiani@hotmail.com
www.chingiani.de